THE LEVANT & IRAQ FORUM

نێوەرۆکی کۆبوونەوەی دووەمین ساڵیادی

کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق



دەوڵەت و ڕکابەرەکانی لە ناوچەی شام و عێراقدا

خۆگر وریا

سۆفیا ڤانێنتینی

دلاوەر عەلائەدین

تشرینی یەکەم / ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

بڵاوکراوەی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) تایبەتمەندە بە پۆڵەسی لە بواری نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی و دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕێگەی دیراسەتکردن و شیکاری بێلایەن و دیبەیتی پۆڵەسی. ئامانجەکانی ئینستیتیوت بریتین لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی حوکمڕانی دروست و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ٢٠١٤ وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆ و قازانج نەویست دامەزراوە و بنکەکەی لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عێراقە.

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە ٢٠٢٦ ©
هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
E: info@meri-k.org
www.meri-k.org
X: @meri_info

تێکرای ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر ڕێنماییەکانی چاتام هاوس ڕوڵ ئەنجام دراوە. بۆیە ئەو ڕاوبۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون نابێت بخرێنە پاڵ ئامادەبووانی کۆڕبەندەکە

هەموو مافەکان پارێزراون. هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوە ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک، ئەلیکترۆنی یان میکانیکی لەوانەش فۆتۆکۆپی، تۆمارکردن، یان هەر سیستەمێکی هەڵگرتن یان وەرگرتنەوەی زانیاری، بەبێ مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختەی ئینستیتیوتی مێری بەرهەم بهێنرێتەوە یان بگوازرێتەوە.

دەوڵەت و ڕکابەرەکانی لە ناوچەی شام و عێراقدا

نێوەڕۆکی کۆبوونەوەی دووەمین ساڵیادی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق

هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦



THE LEVANT & IRAQ FORUM

خۆگر وریا

تۆێژەر

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ تۆێژینەوە

سۆفیا ڤالێنتینی

ئینتێرن ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تۆێژینەوە

دلاوەر عەلائەدین

ڕێکخەری کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق
سەرۆکی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تۆێژینەوە

دەوڵەت و ڕکابەرەکانی لە ناوچەی شام و عێراقدا

نێوەڕۆکی کۆبوونەوەی دووەمین ساڵیادی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق
هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

پوختەی ڕاپۆرت

لە نێوان ململانێی جیۆپۆلیتیکی و قۆناخی ڕاگوزەری سیاسی ناجێگیر و بەرزبوونەوەی فشار لەسەر دامەزراوە ناحکومییەکان، کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق (LIF) لە هەولێر, دیبەیتی تێروتەسەلی لەسەر سێ پرسی بەیەکەوە گرێدراوی کرد, کە بریتیبوون لە: (أ) چۆنیەتی گێرانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی کاریگەر، هاوتەریب لەگەڵ پاراستنی گشتگیریی و هەمەلایەنی سیاسی؛ (ب) چۆنیەتی پشتگیریکردن لە ئەنجامدانی کاری پۆلەسی تۆکمەتر و باشترکردنی کار و چالاکی سنووربەزێن لەلایەن دامەزراوە توێژینەوەییەکانەوە. (ج) چۆنیەتی تەمویلکردنی پرۆسەی بوژانەوە بەبێ چەسپاندنی نایەکسانی و حوکمڕانی خراپ کە هۆکارن لەدرووستبوونی قەیرانەکان.

هەڵبەتە وەڵامی ئەو سێ پرسە لەوەدایە کە دەوڵەت لە ناوچەی شام و عێراق چیتر بەتەنها خاوەن دەسەڵات نییە، بەڵکو یەکێکە لە نێوان چەندین لایەنی ململانێکەرانی دەسەڵات، لەوانە: گروپە چەکدارەکان، کاریگەری دەرەکی، وڵاتانی کەنداو، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕەوەندەکان. سەرجەم ئەم لایەنانە لەکێبڕکێدان لەسەر بەکارهێنانی هێز و بژێوی خەڵک و سەرمایە و زانیاری. شاراوە نیە، بۆ نموونە، کە گروپە چەکدارەکان پارەی زیاتر دەدەنە گەنجان لەوەی دەوڵەت پێی دەدرێ بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ ڕیزەکانیان. حیزبوڵڵای لوبنانیش جۆرێک خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکات کە لە ئێستادا دەوڵەتی لوبنان ناتوانێت بە ئاسانی پێشکەشی بکات یان جێگرەوەی بۆ دابین بکات. لە سورياش وەبەرهێنەران مایەی مەترسیە چونکە، چوارچێوەیەکی یاسایی نیە بۆ ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە. ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاستی ناوچەکە دەکرێن زیاتر لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە بەکاردەهێنرێت و کەڵکیان لێوەردەگیرێت نەک حکومەتەکانی ئەو ناوچەیە. هەر بۆیە بەبێ فەراهەمکردنی بژاردەی تۆکمە و باشتر، ئەوا حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە لەچەسپاندنی ڕۆڵ و پێگەیان فەشەل دێنن.

تۆڕێکی هاوبەش

ئەندامانی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق باسیان لە ئەنجامدانی کاری هاوبەشی سنووربەزێنیان کرد، لەوانەش پرۆژەیەک لەسەر ڕێڕەوی ئابووری لەنێوان سوریا-لوبنان و کارنامەیەکی فراوانتری توێژینەوەی بازرگانی نێوان وڵاتانی سوریا ولوبنان وعێراق. ئەم دەستپێشخەریانە نیشاندەری ئەوەن کە ئەم کۆڕبەندە دەتوانێت دروستکەرانی پۆلەسی ولایەنی جیاواز بەیەکەوە ببەستێتەوە، لەکاتێکدا ئەم لایەنانە لەڕاستیدا تا ئێستا بە دەگمەن کاریان بەیەکەوە کردووە. هەروەها ئەندامان دانیان بەوەدا نا کە تەنیا کۆنفرانس وپەیوەندی کەسیی و ڕاگەیاندن نابێتە جێگرەوەی بەرنامەیەکی تۆکمەی توێژینەوەیی هاوبەش و هەماهەنگی بەردەوام بە سەرکردایەتی ئەندامان و بەشداڕیکردنی سیاسەت دارێژەران. بەشداربووان چوارچێوەیەکی سێ ڕێچکەیی و ڕێوشوێنی هەماهەنگی پراکتیکیان پێشنیاز کرد، کە لە خوارەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا پێشکەش کراون.



گروپە چەکدارەکان

لە دیبەیتەکەدائاماژە بەوە کرا کە بە تەنیا تێکەڵکردنی فەرمی گروپە چەکدارەکان بە دامودەزگای دەوڵەتەوە فەرماندەیی یەکگرتوو، لێپرسینەوەی سیاسی یان متمانە لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست ناکات. دەرفەتی " دۆخی دوای ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان" کە پارسان لە کۆبوونەوەی ساڵی ٢٠٢٥ی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراقدا دەستنیشان کرا، سێ دەرئەنجامی جیاوازی لێکەوتۆتەوە:

- عێراق وادەی ٣٠ی ئەیلولی دیاری کرد بۆ ڕادەستکردنی چەکی دەرەوەی دەسەڵات بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە، هێزەکانی ئەمریکاش دەرچن لە عێراق. بەڵام هێزەکانی ئەمریکا کشانەوە و گروپە چەکدارەکان چەکەکانیان دانەنا. ئەوەی ڕویدا ئەوە بوو کە فشار خرایە سەر ئەو گروپانە، بە دانانی چەکەکانیان بەبێ فەراهەمکردنی ڕێڕەوێکی جێگرەوە. ئەزموونی دوای ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق دەریدەخات کە تێکەڵکێشکردنی هێز بەدام و دەزگای دەوڵەتەوە بەبێ بوونی بناغەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە یەکەم شۆکی ئەمنیدا هەڵدەوەشێتەوە.

- سوریا توانی زۆرینەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی پێشوو بە خێرایی و بەدەرکردنی فەرمان، لەخۆبگرێت. بەڵام دانوستانەکان بۆ تێکەڵکێشکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات، کە کورد سەرکردایەتی دەکات، سست بۆتەوە بەهۆی ناکۆکی لەسەر بابەتی ئیدارە و پەروەردە بە زمانی کوردی و ئاسایشی ناوخۆوە. هەموو ئەمانەش پەیوەستن بەنەبوونی گەرەنتی دەستوریەوە. بەشداربووان ناکۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئایا تێکەڵکردنی ئەم هێزانە بەدەوڵەتی سوریاوە دەبێت پێش وەدەستهێنانی ئەو گەرەنتیانە ئەنجام بدرێت یاخود هاوتەریب لەگەڵی یان پاش فەراهەمکردنیان.

- لوبنان، بۆ یەکەمجار ،سەرکردایەتیەکی هەیە کە پێگەی چەکداریی حزبوڵڵای لوبنان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام چەکداماڵینی ئەم گروپە پەیوەستە بە دینامیکیەت و حیساباتی ئێران و کشانەوەی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان و توانای سوپای لوبنانی لاواز و توانای حکومەتی لوبنان بۆ فەراهەمکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی حیزبوڵڵا لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی پێشکەشی دەکات.

- ڕوانگەی ئوردن ئەوە بوو کە سەروەری لاواز کاریگەری و تێچووی ڕاستەوخۆ بەسەر دراوسێیە سەقامگیرەکاندا دەسەپێنێت، لە ڕێگەی قاچاخ، ئاوارەبوون، هەڕەشەی سنوورەکان و پەکخستنی ئابووری.

دامەزراوەکانی زانیاری

کێشەی ناوچەی شام و عێراق لە دابینکردنی شیکاری سیاسەت کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە توانای دەوڵەت بۆ لەخۆگرتن و بەکارهێنانی دەرهاویشتەی ئەو توێژینەوانەیە. تەمویلی لاواز و سستی کاری هاوبەشی نێوان سەنتەرە توێژینەوەییەکان، حکومەت و بوونی چوارچێوەیکی یاسایی کە مامەڵە لەگەڵ ناوەندەکانی بیرکردنەوە و توێژینەوە دەکات وەک ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی کە خزمەتگوزاری ویارمەتی پێشکەش بەهاوڵاتیان دەکەن، وەک بەربەستی دووبارەبووەوە دەستنیشانکران لەبەردەم کاری ئەو ڕێکخراوە توێژینەوەییانەدا. لەم میانەدا، هەوڵ و پلانەکانی بەغدا بۆ دابینکردنی سندوق توێژینەوە بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و پێدانی پێگەی جیاواز بۆ دامەزراوە توێژینەوەییەکان جێگەی بایەخی ئامادەدبووان بوو، ئاماژەیان بەوەدا کە نابێت دابینکردنی تەمویل لەسەر حیسابی سەربەخۆیی ئەم دامودەزگایانە بێت.

ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوە

دیارە کە ئاستی هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینیان بەخۆوە بینیوە، لە کاتێکدا کە پێداویستی و هاوکاریەکان لە غەززە، سوریا و لوبنان گەیشتوونەتە لوتکە. لە سوریا، سڕینەوەی سزاکان و دووبارە بەشداریکردنی دیپلۆماسی دەرگای بوژانەوەی کردۆتەوە، بەڵام بەبێ بوونی سیستەمی بانکی کارا و بەڕێوەبردنی شەفافانەی سەروەت و سامانی گەڕێندراوە، یان بەبێ بوونی شەرعیەتی ناوخۆیی، بوژانەوە لە وڵات هێشتا دروست نەبووە. ڕاستە کە تەمویلی کەنداو و ڕەوەندی سووری بەشێوازێکی فەرمی مەرجەکانیان کەمترە لەوەی کە لە وڵاتان و دامەزراوەکانی ڕۆژئاواوە دێن. بەڵام مەرجەکانی وڵاتانی کەنداو و ڕەوەندی سووری ناڕاستەوخۆن وکاری بەندەرەکان و فرۆکەخانەکانیان دابەش کردوە لە نێو خۆیان.

سەبارەت بە شنگال و دەشتی نەینەوا و موسڵ، کۆبوونەوەکە باسی لەوە کرد کە سەرباری هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ژێرخان، کەچی هێشتا خەڵکانێکی زۆری ئەو ناوچانە ئاوارەن و ئاستی بژێوی ژیانیان لاوازە و متمانەی نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە کێشەدارە. هەڵبەتە ئاوەدانکردنەوە واتای بوژانەوە نیە. بووژانەوە دەبێت پێوانە بکرێت بە گەڕانەوەی بەردەوام و بوونی بژێوی سەقامگیر و متمانە، نەک بە چاککردنەوەی خان و بینای ناوچەکە. بەشداربووان لەسەر ئەوە ناکۆک بوون کە ئایا پێشکەوتنی ئابووری یان دادپەروەری و ئاشتەوایی دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە بێت؟. هەڵبەتە لەو شوێنانەی کە کۆمەڵگاکان تووشی درندەیی و کۆمەڵکوژی بوون، بەڵگەکان لە بەرژەوەندی بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتەوایین لەسەرەتادا.

بەکۆی گشتی، بەشداربوونی کۆبوونەوەکە پێیان وابوو کە تەمویلکردن، تێکەڵکردنی هێزە نادەوڵەتیەکان و چاکسازیە یاساییەکان کاتێک کاریگەر دەبن کە دامەزراوەی پەرپرسیار هەبن، ئەولەویەتەکانی خەڵک دەستنیشان بکرێن و خزمەتگوزاری ماناداری دەوڵەت بە ئاستێک بێت کە خەڵک بەدیلەکانی دەوڵەتی پێ قبوڵ نەبێت. ئەو دیدگا و پێشنیارانەی لێرەدا باسکراون و لە گفتوگۆیەکانی کۆڕبەنددا ئاماژەیان پێ درا هێشتا نەبوونەتە پرۆژەی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق.



دەرهاویشتە و ڕاسپاردەی پۆڵەسی

کۆمەڵێک پێشنیاری پۆڵەسی پراکتیکی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون بۆ سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەست و ئەکادیمیستان لە وڵاتانی لێڤانت و عێراق، سەبارەت بە چەکداماڵینی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئاوەدانکردنەوە، هاوکاری نێوان وڵاتانی ناوچەکە، یەکبەستنەوە، وەهەروەها هاوکاری ئەکادیمی.

ڕاسپاردەکانی خوارەوە یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە: یارمەتیدانی سیاسەتدارێژەران و بڕیاربەدەستان لە وڵاتانی شام و عێراق، بۆ ئەوەی شتێک پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن کە باوەڕپێکراو بێت بۆ دۆزینەوە و فەراهەمکردنی: ڕێگایەکی باشتر بۆ دەرچوون لە یاخیبوونی چەکداری، ئاستێکی بژێوی و خزمەتگوزاری باش کە بتوانێت ڕکابەری ئەوانەی گرووپە چەکدارەکان بکات، جۆرە گەرەنتییەک کە یاسا پشتیوانی لێ بکات، نەک تەنها نیازپاکی. ژینگەیەکی پێشبینیکراو بۆ وەبەرهێنان و کەناڵگەلێک کە شارەزای وکارامەیی خۆجێیی لە ناوخۆدا بەکاربهێننێن. ئەم خاڵانەی خوارەوە تەنها ڕاسپاردەن نەک بڕیاری پەسەندکراوی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق.

أ. سەبارەت بە گرووپە چەکدارەکان و دەسەڵاتە واقیعیەکان

- جیاکردنەوەی تێکەڵکیشکردن لە قەبوڵکردنی فەرمانڕەوایەوتی ئەمری واقیع.

چاکسازی لە کەرتی ئەمنیدا دەبێت ڕەچاوی قۆناخەکانی فەرماندەیی، لێپرسینەوە، ڕێکخستنە داراییەکان، بەڕپرسیارێتییەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەردەوامبوونی بڕیاردانی سەربەخۆ بکات، نەک تەنها ئەندامێتی فەرمی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

- پێکەوەبەستنی فشار بە دەرچە.

هەڵمەتەکانی چەکداماڵین دەبێت دەرچەیەکی باوەڕپێکراو بۆ گرووپە چەکدارەکان بکاتەوە، بۆ چوونەوە ناو ژیانی سیاسیی مەدەنی. وادەی ٣٠ی ئەیلوولی عێراق دەریخست کە فشار بە تەنها وا لە گروپەکان دەکات ڕیزەکانیان دژی حکومەت یەکبخەن.

- ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی داوا دەکرێت.

لە عێراق "چەکداماڵین"، "سنووردارکردنی چەک " لە دەستی دەوڵەتدا و "ڕێکخستنی " یان "سڕکردنی" چەک، داواکاریی جیاوازن کە لایەنە جۆراوجۆرەکان دەیانخەنەڕوو. حکومەتەکان و هاوبەشەکانیان پێویستە پێش دیاریکردنی هەر وادەیەک، بە ئاشکرا دۆخی کۆتایی پێناسە بکەن.

- هەماهەنگیکردنی بابەتی ئاوێتەکردنی ئەمنی لەگەڵ گەرەنتی سیاسی باوەڕپێکراو.

پێکەوەبەستنەوەی هەنگاوە تۆکمەکانی یەکخستنەوەی هێز بە نوێنەرایەتی، پاراستنی یاسایی، ڕێکخستنەکانی ئیدارەی خۆجێی و بنیاتنانی متمانە لە ئاستی کۆمەڵگەدا. لە سووریا، نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی کە گەرەنتی مافی هەموو پێکهاتەکان بکات، بناغە ونبووەکەیە، و دەوڵەتانی پەیوەست و گارەنتیدار دەبێت بەردەوام بن لە بەشداریکردن تا ئەو دەستوورە دێتە ئاراوە.

- جیاکردنەوەی ئاوێتەکردن لە تواندنەوە.

ئەو ئاوێتەکردنەی ببێتە تواندنەوەی بەزۆر یان پەراوێزخستن، هەمان ئەو بارودۆخانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە لە سەرەتادا بوونە هۆی دروستبوونی گرووپە چەکدارەکان.

- مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی تێکەڵکێشکردنی گرووپە چەکدارەکان وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

پێویستە ڕێگای یاسایی بۆ کاری مەدەنی و تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگە دابڕێژرێت بۆ ئەندامانی ئەم گروپانە و دڵنیایی هەبێت لەوەی دەوڵەت دەتوانێت خزمەتگوزاری لەو ناوچانەدا دابین بکات کە پێشتر پشتیان بە لایەنە چەکدارەکان بەستبوو. لە لوبنان، ئەمە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ ئەوەی هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ حیزبوڵڵا بەردەوام بێت.

- چاکسازی لە دامەزراوەکان

شانبەشانی چاکسازی لە کەرتی ئەمنیدا، وەبەرهێنان لە حکمڕانی گشتی و سەربەخۆیی دادوەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکرێت، بەجۆرێک کە هاووڵاتیبوون، سەروەری یاسا، لێپرسینەوە و لامەرکەزییەکی کاریگەر ببنە بنەمای پێشنیاری دەوڵەت بۆ هاووڵاتیانی



ب. سەروەری و سنوورەکان

- دووپاتکردنەوەی گرنگی سنوورە نێودەوڵەتییەکان

لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی یونیفیل لە لوبنان و بەردەوامبوونی داگیرکاری لە بەشێک لە خاکی لوبنان، سووریا و فەلەستین، دامەزراوە هەرێمییەکانی بیرکردنەوە وتوێژینەوە دەبێت فشار بخەنە سەر هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە سنوور و خاک.

- پەرەپێدانی ڕێبازی پێشگیرانە و سنووربڕ بۆ مەترسییەکانی پەیوەست بە سەروەری

ئەم مەترسیانە قاچاخچێتی، بەڕێوەبردنی سنوور و ئاوارەبوون لەخۆدەگرن. پێویستە بارگرانیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دابەش بکرێن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو تێچووانەدا بگونجێت کە وڵاتانی دراوسێ هەڵیدەگرن.

- ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری ڕق ڕێکخراو

پشتیوانیکردنی چاودێریی گوتاری ڕق سنووربڕ و وەڵامدانەوەی هاوبەش لەلایەن دامەزراوە توێژینەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتانەی کە کاریگەرن بەم گوتارانە.

- پشتگیری لە چارەسەرکردنی کێشە سنووریەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە

لەو شوێنانەی کە سنوورەکانی دیاری نەکراون یان کێشەیان لەسەرە، وەک لەهەندێ شوێنی نێوان سوریا و لوبنان، پاڵپشتی لە پرۆسەی تەکنیکی و دیپلۆماسی بکرێت بۆ یەکلاکردنەوە و بەڕێوەبردنی هاوبەش، پاڵپشت بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بژاردە یاسایی و پراکتیکییەکان

- پەیڕەوکردنی ڕێچکەیەک لەسەر بنەمای ئاسایشی مرۆیی

تۆکمەکردنی پرۆسەی ئاسایشی دەوڵەت بە گرنگیدان بە سەلامەتی کۆمەڵگا، پاراستنی کۆمەڵایەتی، دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری، بژێوی ژیان و ئاوارەبوون.



ج. سەبارەت بە تەمویل کردنی پرۆسەی بووژانەوە

- مامەڵەکردن لەگەڵ بووژانەوە وئاوەدانکردنەوە وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی، نەک ئامانجێکی بیناسازی.

پێوانەی بووژانەوە بە گەڕانەوەی سەلامەت و خۆبەخشانە، توانای خەڵک بۆ مانەوە، بژێویی بەردەوام و متمانە بکرێت، نەک بە ژمارەی ئەو بینایانەی تەواو کراون یان نۆژەنکراون یان بە هەڵگرتنی سزا.

- بە هاوبەشیکردنی کۆمەڵگەکان

کۆمەڵگە کاریگەربووەکان بکرێنە هاوبەش، لە ڕێگەی بڕیاردانی خۆجێی گشتگیر و میکانیزمەکانی قەرەبووکردنەوە لە پلانەکانی بووژانەوەدا.

- چەسپاندنی دادپەروەری لە ناو بووژانەوەدا

دادپەروەریی تاوانکاری، قەرەبووکەرەوە و پێشگیرانە بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی بووژانەوەیە. لە عێراق، ئەمە واتای پێداچوونەوە بە مامەڵەی یاسایی لەگەڵ تاوانەکانی داعش لەخۆدەگرێت، کەدەبێت وەک تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەک وەک جینۆساید.

- بەشداریپێکردنی دیاسپۆرا

بەگەڕخستنی دیاسپۆرا بۆ هاندانی گەڕانەوە لە ڕێگەی فەراهەمکردنی میکانیزمێکی تایبەت بە وەبەرهێنان کە تێیدا نوێنەرایەتی و پاراستنی دارایی تۆکمەی هەبێت، بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵگەکانی دیاسپۆرای ئێزیدی، کلدان، ئاشووری و سووری.

- شەفافکردنی سندووقەکانی سامانی گەڕێنراوە

ڕێساکانی بەڕێوەبردنی سندووقی یەکگرتووی سووریا بۆ سامانە گەڕێنراوەکانی دەوڵەت دەبێت باڵاو بکرێنەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ وردبینیان بۆ بکرێت.

- لەپێشینەدانانی گەڕانەوەی سیستەمی بانکی بۆ ناو سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی

بنیاتنانەوەی سیستەمی بانکیی سووریا و جێبەجێکردنی ستانداردەکانی دژە سپیکردنەوەی پارە، مەرجی پێشوەختەیە بۆ هاتنی سەرمایەی فەرمی بە قەبارەی گەورە.

- هێشتنەوەی سامانە ستراتیژیەکان لە بازنەی کێبڕکێدا و ڕێگرتن لە قۆرخکردنیان لەلایەن نوخبەوە

گرێبەستی ئیمتیازی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی بەندەرەکان، فڕۆکەخانەکان و پرۆژەکانی ژێرخان دەبێت لە ڕێگەی تەندەری شەفاف و کێبڕکێکارانەوە ببەخشرێن، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو پابەندییە داراییانەی دەکەونە ئەستۆی دەوڵەت، و کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی سوود و تێچوو لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا.

- ئاڕاستەکردنی سەرمایە بۆ کەرتە بەرهەمهێنەکان نەک بیناسازی

سەرمایە بەرەو کەرتە بەرهەمهێنەکان ئاڕاستە بکرێت، وەک کشتوکاڵ، ژێرخانی دیجیتاڵی و ئەو پیشەسازیانەی هەڵی کاری زۆر دەڕەخسێنن، نەک بەرەو سەوداگەری بە خانووبەرەوە.

- لەبەرچاوگرتنی داهاتوو لە پرۆسەی چاکسازیدا

ئەنجامدانی چاکسازی و گەڕاندنەوە دۆخ لەسەر بنەمای مەترسی و دەرفەتەکانی داهاتوو ، نەک تەنها لەسەر بنەمای ئەو زیانانەی لە ڕابردوودا ڕوویداون؛ بۆ ئەوەی پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوە، نەبێتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئابووری لاواز و ناکۆکی.

د. سەبارەت بە بەیەکبەستنەوەی هەرێمی

- دروستکردنی ڕێگای جێگرەوە، نەک ڕکابەری

پلاندانانی ڕێڕەوەکان دەبێت چەند ناوەندێکی هەماهەنگ پێش بخات، بە شێوەیەک کە ئامانجە نیشتمانیەکان یەکتری بەهێز بکەن.



- خزمەتکردنی شوێنەکان، نەک تەنها ڕێڕەوەکان

ڕێڕەوەکان دەبێت بە شێوەیەک دیزاین بکرێن کە بگەنە ئەو شوێنانەی زۆرترین پێویستییان بە بووژانەوە هەیە، وەک شنگال و دەشتی نەینەوا لە عێراق، نەک بە لایاندا تێپەڕن. هەروەها دەبێت پشتیوانی گەڕانەوەی پەنابەران بکەن.

- مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی پرۆژەکان وەک گریمانە

ئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن ئەندامانی کۆڕبەندەکە لەسەر لەبار بوون و شێوازی دابینکردنی دارایی و ئیدارەدانی ئەو ڕێڕەو و وەبەرهێنانانەی کە پێشنیار کراون، لەبری ئەوەی بابەتەکان وەک دەرئەنجامی جێگیر سەیر بکرێن.

- دەستپێکردن لەسەر بنەمای بوونی نەخشەڕێگایەکی کارامە.

دەستنیشانکردنی دەرفەتە هاوبەشە سنووربەزێنە بەردەستەکان و بەربەستە دامەزراوەییەکان پەرەپێدانی توانای هاوکاری لەو بوارانەدا بەشێوازیک کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبێت و لە هەمان کاتدا ڕێز لە سەروەریی نیشتمانیی وڵاتان بگیرێت.

- ئەولەویەتدان بە تۆڕە هاوبەشەکان.

گرنگیدان بە بەستنەوەی ئەو سێکتەرانەی کە سوودی هاوبەشیان هەیە: بەستنەوەی کارەبا بەیەکەوە و وزەی نوێبووەوە، تۆڕەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی هاوبەشی سەرچاوەی ئاو، دەروازە مۆدێرنەکان، ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن، و ناوچە ئابووریە هاوبەشەکان.

هـ. سەبارەت بە دامەزراوەکانی توێژینەوەی سیاسەت و دەوڵەت

- بەهێزکردنی سەنتەرەکانی بیرکردنەوە

پێدانی پێگەیەکی یاسایی جیاواز بە سەنتەر و دامەزراوەکانی بیرکردنەوە و توێژینەوە، جیا لەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. بەغدا دەتوانێت ئەمە لە ڕێگەی ڕێنمایی جێبەجێکاریەوە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٠دا بکات.

- دروستکردنی پردی بەردەوام لە نێوان سیاسەت و توێژینەوەدا

حکومەتەکان دەبێت کەناڵی هەمیشەیی دابمەزرێنن بۆ داواکردن، وەرگرتن و بەکارهێنانی توێژینەوەی ناوخۆیی. ئەگەر ئەمە نەکەن، تەنیا ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان ئەم توێژینەوانە بەکار دەهێنن.

- فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دارایی لە ڕێگەی میکانیزمی شەفافەوە

بژاردەکان بریتین لە: سندووقی توێژینەوە کە پێکدێت لە بەشێک لە قازانجی زانکۆ تایبەتەکان (وەک لە ئوردن)؛ بەشێک لە داهاتی کۆمپانیاکانی پەیوەندیی (کە پێشتر لە یاسای عێراقیدا جێگای کراوەتەوە)؛ بەخشینی باج لە بەخشەران (کە لە لوبنان بوونی نییە)؛ و بەشداریی بەرپرسیارانەی کەرتی تایبەت.

- پاراستنی سەربەخۆیی

هەر سیستەمێکی دابینکردنی دارایی پێویستی بە ڕێسای کراوە هەیە سەبارەت بە مەرجەکانی بەشداری، هەڵسەنگاندنی هاوتایان، ڕاپۆرتی گشتی، ڕێکاری ڕێگرتن لە ناکۆکیی بەرژەوەندی و جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە نێوان دابینکەری دارایی و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەدا.

- بەهێزکردنی گەنجان

وەبەرهێنان لە ئاڵوگۆڕی گەنجان لە سەرانسەری ناوچەکەدا، وەک وەبەرهێنانێکی کەمتێچوو و کاریگەر بۆ تێکەڵکێشکردن و بەیەکبەستنەوەی درێژخایەن.

- بەیەکەبەستنەوەی کۆمەڵگاکان

سەرەڕای ئاڵوگۆڕی گەنجان، پشتگیریکردن لە سکۆلەرشیپی هاوبەشی زانکۆ، دووانەبوون لە نێوان شارەکان و شارەوانییەکان، و هاوکاری نێوان ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی.

و. سەبارەت بە خودی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق

- لێکۆڵینەوە لە بەرنامەیەکی کاری سێ ڕێچکەیی

ڕێچکەکان: چارەسەرکردنی ناکۆکی و گفتوگۆی سیاسی، ئاشتەوایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی ئابووری و بەیەکبەستنەوەی هەرێمی. ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی ئەولەوەیاتەکان لە ناو هەر ڕێچکەیەکدا.

- هەڵبژاردنی پرۆژەی توێژینەوەیی هاوبەش

لە هەر خولێکدا دوو یان سێ کاری هاوبەشی توێژینەوە هەڵبژێردرێت، هەر یەکەیان سەرپەرشتیارێکی دیارکراو و بەرهەمی دیاریکراوی هەبێت، وەک ڕاپۆرتی پۆلەسی دوو لاپەڕەیی، توێژینەوەی بەراوردکاری یان پرۆژەی هاوبەش.

- ڕێکخستن و هەماهەنگی خولاوەیی

هەماهەنگیکردنی ئەم کۆڕبەندە بۆ ماوەی دوو ساڵ و هەر دامەزراوەیەکی ئەندام کەسێک دابنێت بۆ پەیوەندی وتەرخانکردنی نزیکەی ٥٪ی کاتی.

- کۆبوونەوەی بەردەوام

خشتەیەکی کۆبوونەوەی ئۆنلاینی ڕێکوپێک دابنرێت، کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٧ەوە دەست پێ بکات. پێشنیارەکان لە هەر سێ مانگ تا چوار مانگ جارێک بن، و دەکرێ ئەندامان لەسەر ماوەکە ڕێکبکەون.

- کۆبوونەوەی کەسی

دەکرێت کۆبوونەوەی کۆڕبەند لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو، ئەگەر بارودۆخ ڕێگە بدات، لە لوبنان بێت، ئەگەر نا لە لە بەهاری ٢٠٢٧ بەغدا بێت، پاشان لە دیمەشق. دەکرێت کۆبوونەوەکان فراوانتر بکرێن بە بەشداری پێکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەی وڵاتی میواندار

- پلاتفۆرمی دیجیتاڵیی هاوبەش

دروستکردنی پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵیی هاوبەش، یان لە شێوەی لاپەڕەیەکی ناوەندیی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق کە بە ماڵپەڕی ئەندامانەوە بەسترابێتەوە، یان تەرخانکردنی لاپەڕەیەک، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنیی وەرزی.

- وێبینار

ساڵانە دوو تا سێ وێبیناری بابەتی ڕێکبخرێت بۆ بەستنەوەی توێژینەوە بە گفتوگۆی پۆڵەسیەوە.

- تەمویلی هاوبەش

بە هاوبەشی داوای تەمویل بکرێت و بەشێکی بچووکی بۆ هەماهەنگی تەرخان بکرێت. هەروەها تۆڕە نیشتمانیەکانی توێژینەوە فراوان بکرێن، لە کاتێکدا ئەندامەکان بۆ دڵنیابوون لە پاکی و سەربەخۆیی پیشەییان لە گرووپە چەکدارەکان، پشکنینیان بۆ بکرێت.

- دیالۆگ

پاراستنی ئەم کۆڕبەندە وەک تۆڕێکی سەربەخۆ و ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی دیپلۆماسی و دیالۆگی ڕێڕەوی (تراك) یەکونیو و ڕێڕەوی دوو.



ڕێکخەران و دامەزراوەکانیان

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

MERI
Middle East
Research Institute

کۆنڕاد ئەدیناوەر شتیفتونگ
(ئوردن)

KONRAD
ADENAUER
STIFTUNG

دەوڵەت و ڕکابەرەکانی لە ناوچەی شام و عێراقدا



THE LEVANT & IRAQ FORUM

تۆپێکی گەنجەندووو لە دامەزراوە فیکریە ناوچەییەکان،
بۆ دابینکردنی هەڵوێەکی پێویست بۆ دیبەیتی نێوان توێژەران،
داپێژەرانی سیاسەت، هەرکردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان

A MERI Publication
info@meri-k.org
WWW.MERI-K.ORG
x.com/meri_info | facebook.com/meri_info
Erbil - Kurdistan Region - Iraq